بەغدا و تاران دوایین پێشهاتەکانی ئێران و ڕێگاکانی پتەوکردنی سەقامگیری هەرێمایەتی تاوتوێ دەکەن



فوئاد حسێن، جێگری سەرکی ئێنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە، و وەحید جەلال زادە، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران، ئەمڕۆ سەشەممە جەختیان لە گرنگی بەردەوامبوونی کارە هاوبەشەکان کردەوە بۆ پشتگیریکردنی سەقامگیریی ناوچەکە.

وەزارەتی دەرەوە لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەست ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "فوئاد حسێن، جێگری سەرکی ئێنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە، لە نووسینگەی خۆی لە تەلاری وەزارەتی دەرەوە لە بەغداد، پێشوازی لە وەحید جەلال زادە، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری کونسوڵخانە و پەرلەمان کرد."

لە ڕاگەیەندراوەکدا هاتووە: "لە دیدارەکەدا باس لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات کرا و هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگی پەرەپێدان و بەهێزکردنی بوارەکانی هاوکاریی هاوبەش کردەوە، بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بچەسپێنێت."

هەروەها ئاماژە بۆ دراوە کە: "هەردوولا باسیان لە پێویستی کاراکردنی کارەکانی لێژنەی عێراقی ئێرانی بۆ کاروباری کونسوڵخانە کرد، و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆبوونەوەی داهاتووی لێژنەکە لە بەغداد، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کونسوڵییەکان و ئاسانکاری بۆ کاروباری هاوڵاتییانی هەردوو

وڵات."

لە کۆتایی راگەیەندراوەکدا هاتووە: "یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران، وەزیر فوئاد حسێنی لە دوایین پێشهاتەکانی ناو کەماری ئیسلامیی ئێران ئاگادار کردەوە، لێوانێش ئەو خێپیشاندانانەی کە هێندێک لە شارەکان بەخێیانەوە بینیوە، و جەختی لە گرنگی بەردەوامبوونی کارە هاوبەشەکان کردەوە بە پشتگیریکردنی سێقامگیری ناوچەکە."